## مەترسیەکانی د. بەرهەم لەڕوانگەی هەستکردن بەلێپرسراویەتیکردن بوو! بەهرۆز گەلاڵی

دوایی بلاّوبونەوەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (هیومان ڕایتس وۆك) و دەربرینی هەلّوێستیان سەبارەت بە نارازیبونیان لە هەڵسوکەوتی ئەمرۆی هەندێ دەزگای سەر بە یەکێتی و پارتی.ئەو مەسەلەیە گفتوگۆیەکی لەناو میدیاکان نایەوە .بەتایبەتیش دوای ئەوەی کەد. بەرهەم وەکو کەسێکی سیاسی ، کوردستانی ، عێراقی وجێگری سەرۆکی وەزیرانی عێراق، لە ڕوانگەی کوردایەتی و خزمەت و پەرۆشی بۆناو و ناوبانگ و چۆنیەتی بەرێوەبردنی کارەکان لە دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی، هەمیش وەکو هاولاّتییەکی کورد لەڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ وخەبات ) دا، ڕاو وبۆچونەکانی ڕاگەیاندو تێبینیەکانی خۆی بە هێمنی ڕونکردەوە .بەداخەوە لەپڕ بەیاننامەیەکمان لە میدیاکان خوێندەوە ، وەکو ئەوەی کە د. بەرهەم کفری کردبێ . چۆن دەبێ قسەی وابکات و ڕای وا لەوبارەیەوە دەرببڕێت.

گەلۆ دکتۆر بەرهەم خۆی لەهەمووکەس باشتر دەزانێت کە ئەمڕۆ جێگری سەرۆکی وەزیرانی عێراقە لەبەغدا، بەدەنگی یەکێتی و پارتی و تەواوی هاوپەیمانی کوردستان لەبەغدا خزمەت دەکات و دەستبەکارە .هەر ئەوەش بۆتە هۆیەکی بنەڕەتی بۆی ، دەربارەی ئەوڕاپۆرتە بێتەقسەکردن و مەترسییەکانی خۆی وەکو کەسێکی شارەزاو بەتەجروبە دەربارەی ئەو ڕاپۆرتەڕونبکاتەوە.هەروەها لەسەر ڕاپۆرتەکە و گلەییەکانی ئەو ڕێکخراوە ،ئەندێشەو مەترسیەکانی خۆی ڕاشکاوانە ئاشکرا بکات . کفریشی نەکردووە و کفریش نیە مرۆف بیروڕای خۆی بە ئازادی دەربڕی.پێشم وانیە ،دکتۆر بەرهەم ،ئەوەندە لەدنیا بێخەبەربێت، نەزانێت دەزگای پاراستن و دەزگای زانیاری سەر بەکام پارت و لایەنی سیاسین لە کوردستان! پێش هەموو شتێك، خودی خۆی ڕەخنەی لەدەزگای زانیاری گرتووە کەسەر بەحزبەکەی خۆیەتی.لەبەر ئەوە پێوست ناکات بەبیر بەرهەم بهێنینەوە ،بونی لەبەغدا بەپشتیوانی هاوپەیمانی کوردستانە ؟چونکە بەرهەم خۆی ئەوە باش دەزانێ پێویستیش ناکات وەڵامی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وا بەم شێوەیە بدرێتەوە.چونکە ئەو وەلاّمە تەنیا بەرهەم ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو یەکێتی نیشتمانی کوردسان دەگرێتەوە.ئەوبرایەی وەڵامی د. بەرهەمیشی داوەتەوە، ئەگەر دەزگاکەی بەڕاستی ئاژانسی دەزگای پاراستنی گشتی کوردستان بوایە ،بڕوام نەدەکردە ئەوهەقەی بەخۆ بدابایە کەبەمشێوەیە ، وەلامی د. بەرهەم بداتەوەو هەمووئەوانەش کە ئەمڕۆ لەکوردستان دانیشتون. ئەگەر پشتیوانی تەواوی هاوپەیمانی کوردستان نەبێ ،ناتوانین کارەکانمان بەباشی ڕاهی بکەین.چونکە ئەوانە هەمووی بەیەکەوە ، بە(د.بەرهەم ) یشەوە لەزمنی یەك پاکیج دایە .

bgalali1958@hotmail.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com